# مەرگی متمانە

## لەرزۆکی دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ لەبەردەم عەسکەرتارییەتدا

هەڵسەنگاندنێک بۆ دۆخی دیموکراسییەت لە هەرێم بەبێ بوونی

دامەزراوە و ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی

راپۆرتی ساڵانەی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ڕاپۆرتی یەکەم - ٢٠٢٦

# مەرگی متمانە: لەرزۆکی دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ لەبەردەم عەسکەرتارییەتدا

## راپۆرتی ساڵانەی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

### هەڵسەنگاندنێک بۆ دۆخی دیموکراسییەت لە هەرێم بەبێ بوونی دامەزراوەو ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی

### راپۆرتی یەکەم - ٢٠٢٦

## ستافی ئامادەکاری راپۆرت:

| ناوی ئەندام | ناوی ڕێکخراو |
|---|---|
| بابان جەعفەر | ڕێکخراوی ئازادبوون |
| هەڵشۆ عبدالفتاح | ڕێکخراوی دابین |
| هەژار وەهاب | ڕێکخراوی ئاران |
| جەبار عەزیز | ماڵی سەرکەوتن بۆ گەشەپێدانی تواناکان |
| وریا باقر | سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان |
| ئاواز سەلیم | ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان |
| پێشەنگ محەمەد | ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان(WOLA) |
| کارۆد محەمەد | |
| کارزان فازڵ | سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ(DHRD) |
| ئەشواق نەجیب | چالاکوان |

## پێداچوونەوە:

| |
|---|
| د.بەختیار عەبدوڵڵا |
| ڕوناک ڕەفیق |
| ئاوات محەمەد |
| د.عالییە فەرەج |
| سالار فەتاح |
| قەیسەر ڕەحمان |
| شۆخان حەمەڕەشید |

فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
Federationngos.org
07719484805

| پێڕست | |
|---|---|
| **بابەت** | **لاپەڕە** |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی و پوختەی ڕاپۆرت** | ٤ |
| ١.١ پێشەکی و ڕێبازی کارکردن | |
| ١.٢ پوختەی ڕاپۆرت: پاشەکشەی دیموکراسی و "ترسناکای بە تایبەتیکردن" | ٥ |
| **بەشی دووەم: بنەما یاساییەکان و واقیعی جێبەجێکردن** | ٧ |
| ٢.١ چوارچێوەی دەستووری و گەرەنتییە دادوەرییەکان (عێراق و هەرێم) | |
| ٢.٢ یاسا تایبەتەکانی هەرێم: لە دەقی پێشکەوتووەوە بۆ پەکخستنی دامەزراوەیی | |
| ٢.٣ یاسا وەک چەکی سیاسی و ئابووری | ٨ |
| ٢.٤ یاساکانی وەبەرهێنان و ژینگە: لە نێوان قۆرغکاریی ئابووری و وێرانکاری ژینگەییدا | ٩ |
| ٢.٥ هەمواری یاسای باری کەسی: پاشەکشە بەرەو تائیفییەت | |
| ٢.٦ دۆخی هەرێم لە تەرازووی ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا | |
| **بەشی سێیەم: قەیرانی شەرعییەت و ئیفلیجی دامەزراوەیی** | ١١ |
| ٣.١ قەیرانی پەرلەمان: دواکەوتنی هەڵبژاردن و عورفی "دانیشتنی کراوە" | |
| ٣.٢ پەککەوتنی دامەزراوە سەربەخۆکانی چاودێری | ١٢ |
| ٣.٣ ئەنجوومەنی پارێزگاکان و بۆشایی کارگێڕی | ١٣ |
| ٣.٤ پێکنەهێنانی کابینەی حکومەت و بنبەستی سیاسی | |
| **بەشی چوارەم: کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێوان ئیحتکاری دارایی و گەمارۆی ئەمنیدا** | ١٤ |
| ٤.١ قۆرخکاری دارایی و دیاردەی "ڕێکخراوە سێبەرەکان" | |
| ٤.٢ گەمارۆی ئەمنی و پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندی | |
| ٤.٣ ئاستەنگە کارگێڕی، دارایی و میدیاییەکان | ١٥ |
| **بەشی پێنجەم: لێکەوتەکان لەسەر ژیانی هاووڵاتیان (ڕەهەندە مرۆیی و خزمەتگوزارییەکان)** | ١٦ |
| ٥.١ ئاستەنگە ئابوورییەکان و بێکاریی گەنجان | |
| ٥.٢ کەرتی پەروەردە و فێرکردن | |
| ٥.٣ خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ١٧ |
| ٥.٤ ئاسایشی تەندروستی و کارەساتی دەرمان | |
| ٥.٥ وزە و کارەبا (مەترسییەکانی سەر ئاسایشی وزە و بژێوی) | ١٨ |
| ٥.٦ ئاو و ژینگە (قەیرانی بەڕێوەبردن و داگیرکاریی ژینگەیی) | |
| **بەشی شەشەم: دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان** | ١٩ |
| **٦.١ دەرەنجامە سەرەکییەکان** | |
| **٦.٢ ڕاسپاردەکان** | |
| **هاوپێچەکان** | ٢٢ |

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی و پوختەی ڕاپۆرت

## ١.١ پێشەکی و ڕێبازی کارکردن

ئەم ڕاپۆرتە بەرهەمی کارێکی پێکەوەیی ئەندامانی "فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی"یە، کە تۆڕێکی سەربەخۆی بێلایەنی خۆبەخشە و لە (١٠) ڕێکخراوی ناحکومی و (١٠) چالاکوانی مەدەنی پێکهاتووە. فیدراسیۆن وەک گروپێکی فشار، بە دروشمی (شکۆمەندی مرۆڤ، سەروەریی یاسا، بە کولتوورکردنی بەها دیموکراسییەکان) کاردەکات و دیدگای سەرەکیی، چەسپاندنی دیموکراسی و داکۆکیکردنە لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و شەفافییەت لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا.

لە سەرەتادا ئامانجمان بوو ڕاپۆرتەکە تەرخان بکەین بۆ داتا و زانیارییەکانی ساڵی (٢٠٢٥)، بەڵام لە کاتی کارکردندا ئامانجەکەمان گۆڕی، چونکە ساڵانە ژمارەیەک ڕێکخراو و دامەزراوەی میدیایی هەستاون بە بڵاوکردنەوەی داتا و زانیاری پێشێلکارییەکان، بۆیە فیدراسیۆن ئەم ڕاپۆرتەی تەرخانکرد بۆ ئەو گرفت و کێشانەی لە دوای ساڵی (٢٠١٤)وە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، هەر لە پەلامارەکانی داعش و دروستبوونی قەیرانی داراییەوە، پاشەکشەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، پەشیمان بوونەوەی پارتە دەسەڵاتدارەکان و حکومەتی هەرێم لە هەموو بەڵێنەکانی چاکسازی و لاوازبوونی گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆیە سەرەنجام ڕاپۆرتەکە تەرخانکرا بۆ (شیکاری، دەرەنجام و ڕاسپاردە) لەسەر ئەو قەیرانانەی چەندین ساڵە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە.

بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، پەیڕەوی لە ڕێبازی شیکاریی چۆنایەتی و تەکنیکی "پێداچوونەوەی سەرچاوەکان" کراوە، لەم چوارچێوەیەدا، دەستەی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە هەوڵیداوە سوود لەو زانیاری، داتا و ڕاپۆرتانە وەربگرێت کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا لەلایەن دەزگا میدیاییەکان، دامەزراوە فەرمییەکان و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی مافی مرۆڤەوە بڵاوکراونەتەوە. پاش کۆکردنەوەیان، پۆلێن و شیکارییان بۆ کراوە بۆ دەرخستنی ڕەوتە گشتییەکان. وەک قۆناغی کۆتایی و بۆ دڵنیابوونەوە لە وردیی شیکارییەکان و پتەوکردنی دەرەنجامەکان، ڕەشنووسی یەکەمی ڕاپۆرتەکە لە مێزگردێکدا لە(٢٠٢٦/٠١/٠٦) لە هۆڵی (سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان) لە شاری سلێمانی گفتوگۆی لەسەرکرا. بە سوپاسەوە تێیدا کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزای بوارە جیاوازەکان، بە سەرنج و پێشنیازەکانیان ڕاپۆرتەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

وەک ئاشکرایە، یەکێک لە کۆسپە سەرەکییەکانی بەردەم نووسینی ڕاپۆرت، توێژینەوە و تەنانەت راپۆرتی ڕۆژنامەوانیش، کەمیی زانیاریی فەرمی و نەبوونی شەفافییەتە لە دامەزراوەکان، تەنانەت ئەو داتایانەی بڵاویش دەکرێنەوە، بە شێوەیەکی ڕێکخراو بەردەست ناخرێن کە ڕێکخراوەکان، توێژەران و ڕۆژنامەنووسان سودی لێوەربگرین.

ئێمە لە فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، ئەم ڕاپۆرتە بە ناونیشانی **(مەرگی متمانە: لەرزۆکی دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ لەبەردەم عەسکەرتارییەتدا)** دەخەینە بەردەم ڕایگشتی و ناوەندە بڕیاربەدەستەکان. ئاواتەخوازین ئەم هەوڵە ببێتە مایەی خولقاندنی دەرفەتێکی نوێ بۆ گفتوگۆ لە نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا، بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەک لەو قەیرانە کەڵەکەبووانەی یەخەی هەرێمی کوردستانی گرتووە.

**بابان جەعفەر**

**ڕێکخەری فیدراسیۆن**

**١٥ی ڕێبەندانی ٢٠٢٦**

## ١.٢ پوختەی راپۆرت: پاشەکشەی دیموکراسی و "ترسناکی بەتایبەتیکردن"

قەوارەی هەرێمی کوردستان، کە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خەباتی نزیکەی ١٠٠ ساڵەی خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان و سەرجەم ئازادی خوازانی ناوچەکەیە، بە ئامانجی ئازادی، سەربەخۆیی و ڕێزگرتن لە مرۆڤی کورد بنیادنرا. بەڵام ئێستا ئەم قەوارەیە لەبەردەم پاشەکشەیەکی قووڵدایە، دۆخی حوکمڕانی وایکردووە لە جیاتی داخوازییە نەتەوەییەکان و کارکردن بۆ بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی و نەتەوەکەمان، هەموو هەوڵەکان تەنها بۆ دابینکردنی 'مووچە' کورت ببنەوە.

ئەمڕۆ، بێهیوایی کۆمەڵانی خەڵک و نیگەرانیی بەردەوامی دۆستە نێودەوڵەتییەکان زەنگێکی مەترسیدارن، نیشانی دەدەن کە ئەم ئەزموونە لەو ئامانجە مەدەنی و دیموکراسییانە لایداوە کە قوربانییەکی بێشوماری لەپێناودا دراوە.

- **پاشەکشەی دامەزراوەیی و ئازادییەکان**

هەمووان شاهیدی پاشەکشەیەکی مەترسیدارین لە پرەنسیپەکانی دیموکراسیدا. دامەزراوە شەرعییەکان، وێڕای کەمیی کاریگەرییان، ئێستا بە تەواوی پەکیان کەوتووە. پەککەوتنی پەرلەمان وەک بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان، هاوکات لەگەڵ بنبەستی سیاسی لە پێکهێنانی کابینەی نوێ و درێژبوونەوەی تەمەنی کابینەی نۆ بۆ نزیکەی حەوت ساڵ، سیمای سەرەکیی ئەم شکستەیە. کاتێک ماوەی یاسایی سەرجەم دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان کۆتایی دێت و بەبێ نوێکردنەوەی شەرعییەت بەردەوام دەبن، گورزێکی کوشندە لە متمانەی هاووڵاتی دەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە، ئازادییە گشتییەکان ڕووبەڕووی پێشێلکاریی گەورە بوونەتەوە. دیمەنەکانی پەلاماردان و دەستگیرکردنی سەرۆکی حزبە سیاسییەکان، وێنەکانی شەڕی ناوخۆی بیر هەموان هێنایەوە. هاوکاتی بەردەوامیی زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانان و درووستکردنی ڕێگری بۆ ڕێکخراوەکان، نیشانەی ئەوەن کە دامەزراوەکانی حکومەت بۆ سەرکوتکردنی ناڕازییەکان بەکاردەهێنرێن. ڕاپۆرتەکە شیکاری دەکات چۆن یاسا لە پارێزەری مافەکانەوە گۆڕاوە بۆ ئامرازی سەرکوت، و چۆن لە ڕێگەی "ڕێکخراوە سێبەرەکان"، و گەمارۆی ئەمنییەوە وەک (ناچارکردنی ڕێکخراوەکان بە دانانی کامێرای چاودێری، پرکردنەوەی بەڵێننامە بەسەرۆکی ڕێکخراوەکان) فەزای مەدەنی بەرەو کۆتایی دەبرێت.

- **لێکەوتە وێرانکەرەکان لەسەر ژیانی ڕۆژانە**

ئەم دۆخە سیاسییە چەقبەستووە کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی گەیشتە ناو جەرگەی ژیانی هاووڵاتیان. کاتێک لێپرسینەوە دەپوکێتەوە، کەرتی خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەبنە قوربانیی یەکەمی گەندەڵی، بێپلانی، و سیاسەتی توندی باج.

- **وزە و کارەبا:** سەرەڕای هەوڵەکان و جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕووناکی، دوو مەترسیی گەورە هەن، یەکەم ناسەقامگیریی سەرچاوەکانی وزە وەک "پەلامارداني کۆرمۆر"، و دووەم گرانیی نرخی کارەبا کە لەگەڵ بژێوی هاوڵاتیان و بنەما نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بۆ لانی کەمی ژیانێکی شکۆمەندانە، ناگونجێت.
- **ئاو و ژینگە:** پارادۆکسی گەورە لێرەدایە کە هاووڵاتییانی کوردستان "هاوینان لە تینوێتیدا دەخنکێن و زستانان لەناو لافاودا". کەرتی شارەوانی نەیتوانیوە هاوشانی فراوانبوونی شارەکان پەرە بسێنێت. لە لایەکی ترەوە، یاسای وەبەرهێنان بووەتە ئامرازێک بۆ داگیرکردنی موڵکی گشتی و تێکدانی ژینگە لە سوودی کۆمپانیاکانی حزبدا.
- **پەروەردە و خوێندنی باڵا:** پاشەکشەکە لێرەدا نائومێدکەرە. کوالێتیی خوێندنی حکومی لەپاشەکشەدایە، لە بەرامبەردا کەرتی تایبەت وەک بازرگانییەکی بێ چاودێری گەشەی پێ دەدرێت. لە خوێندنی باڵادا، زانست گۆڕاوە بۆ بازاڕێکی بێ بەرهەم، وەرگرتنی نایاسایی بەڵێشاو و دانەمەزراندنی دەرچووە یەکەمەکان بۆ ماوەی هەشت ساڵ، متمانەی بە ناوەندە ئەکادیمییەکان نەهێشتووە.
- **تەندروستی و دەرمان:** لەم بوارە خزمەتگوزاریی حکومی بەرەو خاڵی سفر هەنگاو دەنێت. بازاڕی دەرمان بووەتە یەکێک لە گەورەترین کەلێنە تەندروستی و ئەمنییەکان، گومانێکی زۆر لەسەر کوالێتی و نرخەکان هەیە کە ئەمەش ڕاستەوخۆ یاریکردنە بە ژیانی مرۆڤ.

- **ڕێگاوبان و گواستنەوە:** "ڕێگاکانی مەرگ" ساڵانە سەدان قوربانی لێ دەکەوێتەوە. حکومەت نەیتوانیوە ژێرخانێکی مۆدێرن دابین بکات و جیاوازییەکی زۆر لە پشتیوانیی پرۆژەکانی نێوان شار و شارۆچکەکاندا دەبینرێت.

ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرە، بێهیواییەکی قووڵی لای گەنجان دروستکردووە و کۆچکردنی وەک تەنها ڕێگەی ڕزگاربوون لێکردووە. لەم ڕاپۆرتەدا، بە داتا و زانیاری شیکاری بۆ ئەم ئاڵنگارییانە کراوە و "نەخشەڕێگایەک" بۆ دەرچوون لەم تونێلە تاریکە و گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ یاسا و پاراستنی کەرامەتی هاووڵاتیان پێشکەشکراوە.

## بەشی دووەم: بنەما یاساییەکان و واقیعی جێبەجێکردن

لەم بەشەدا، تیشک دەخەینە سەر ئەو بنەما یاساییانەی کە وەک پاسەوانی پاراستنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە عێراق و هەرێمی کوردستان دانراون. بەڵام وەک لە ئامار و کەیسەکانی ئەم ڕاپۆرتەدا دەردەکەوێت، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان "دەقی یاسایی" و "واقیعی جێبەجێکردن"دا هەیە، بە جۆرێک زۆرجار یاسا لە جیاتی پاراستنی هاووڵاتی، وەک چەکێک دژی دەنگە جیاوازەکان بەکاردەهێنرێت.

### ٢.١ چوارچێوەی دەستووری و گەرەنتییە دادوەرییەکان (عێراق و هەرێم)

**یەکەم: دەستووری هەمیشەیی عێراق**

دەستوور بە باڵاترین یاسای دەوڵەت دادەنرێت. گرنگترین ماددە پەیوەندیدارەکان بە پرسەکانی ئێمەوە، بریتین لە:

- بنەما گشتییەکان (ماددەکانی ١، ٢، ٥): جەخت دەکەنەوە کە عێراق دەوڵەتێکی "پەرلەمانی و دیموکراتییە"، سەروەریی یاسا بنەمای حوکمڕانییە و هیچ یاسایەک نابێت دژی بنەماکانی دیموکراسی و ئازادییەکان بێت.
- ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان (ماددەکانی ١٤ بۆ ٤٥) ئەم بەشە بڕبڕەی پشتی "حوکمی ڕەشیدە" و یەکسانی لەبەردەم یاسا، پاراستنی شکۆی مرۆڤ، قەدەغەکردنی ڕەهای ئەشکەنجە، و دادگاییەکی دادپەروەرانە "تۆمەتبار بێتاوانە هەتا تاوانەکەی دەسەلمێنرێت" دەستەبەر دەکات. هەروەها ئازادیی ڕادەربڕین، ڕۆژنامەگەری، و کۆبوونەوەی ئاشتیانەی پاراستووە.

**دووەم: گەرەنتییە یاساییەکان بۆ پاراستنی شکۆی مرۆڤ**

یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) ڕێکاری وردی بۆ پاراستنی شکۆی مرۆڤ داناوە، وەک:

- **ئازادیی کەسی:** نابێت کەس بۆ ماوەی نادیار ڕابگیرێت و دەبێت لە ٢٤ کاتژمێردا پیشانی دادوەر بدرێت.
- **مافی بەرگری:** مافی هەبوونی پارێزەر و ناچارنەکردنی بە قسەکردن یان سوێندخواردن.
- **قەدەغەی فشار:** نایاساییبوونی هەر دانپێدانانێک کە لە ژێر فشاری دەروونی یان جەستەییدا وەرگیرابێت.
- **دادگایکردنی ئاشکرا:** دانیشتنەکانی دادگا دەبێت بە ئاشکرابن "بۆ ئەوەی کۆمەڵگە و ڕای گشتی چاودێربن"، مەگەر دادگا بڕیار بدات بە نهێنی کردنی دانیشتنەکە لەبەر پاراستنی ئاداب یان ئاسایشی گشتی.

### ٢.٢ یاسا تایبەتەکانی هەرێم: لە دەقی پێشکەوتووەوە بۆ پەکخستنی دامەزراوەیی

پەرلەمانی کوردستان چەندین یاسای بۆ بەهێزکردنی دیموکراسی دەرکردووە، بەڵام زۆربەیان لە کاتی جێبەجێکردندا پەکخراون یان کراونەتە ئامرازی دەسەڵات بۆ گەمارۆدانی فەزای گشتی:

١. **یاسای ڕۆژنامەگەری (٢٠٠٧) و ئازادی ڕادەربڕین:** هەرچەندە یاسایەکی پێشکەوتووە، بەڵام لە واقیعدا پەراوێز خراوە. لە چەند ساڵی ڕابردوو، بەردەوامیی بەکارهێنانی (یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) و (یاسای تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی) وەک چەکێک دژی ڕۆژنامەنووسان بینراوە. دەسەڵات لە جیاتی یاسای ڕۆژنامەگەری، پەنای بۆ ئەو یاسایانە بردووە، بۆ ئەوەی میدیاکاران لە گەرەنتییە یاساییەکانیان بێبەش بکات.

٢. **یاسای خۆپیشاندان (٢٠١٠) و گردبوونەوە:** مەبەست لێی ڕێکخستنی مافی گردبوونەوە بوو، بەڵام ئێستا کراوەتە ئامرازی قەدەغەکردن. پرۆسەی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ توێژە نارازییەکان بووەتە مەحاڵ، لە کاتێکدا گردبوونەوە حزبییەکان و ئەوانەی بە ڕەزامەندی ئەوانە بەبێ مۆڵەت ئەنجام دەدرێن. دەستگیرکردنی پێشوەختەی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان لە حاڵەتەوە بۆتە دیاردە.

**٣. یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری (٢٠١٣):** ئەم یاسایە "بە نەزۆکی لەدایکبووە"، حکومەت بە بیانووی نەبوونی ڕێنمایی جێبەجێکردنی پەکخستووە لە کاتێکدا بە گوێرەی زانستی یاسایی، "باڵایی یاسا"، بەسەر ڕێنمایی وەزاری و بڕیاری کارگێڕییەوەیە هەیە و نەبوونی ڕێنمایی نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی مافێکی دەستووری و یاسایی کە بۆ هاوڵاتی بڕاوەتەوە. بەپێی بنەما گشتییەکان، هەر یاسایەک بڵاوکرایەوە و کاتی جێبەجێکردنی هات "کە لەم یاسایەدا تێپەڕیوە"، دەبێت کاری پێ بکرێت. کەواتە دەتوانین بڵێین یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێم "یاسایەکی زیندووی بێدەنگە". بوونی یاساکە خۆی دەستکەوتە، بەڵام جێبەجێنەکردنی پەیوەندی بە کەمیی ئیرادەی سیاسی و کەلتووری شاردنەوەی زانیاری هەیە لەناو دامەزراوەکاندا، نەک کەموکوڕی لە خودی دەقە یاساییەکەدا.

**٤. یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی (٢٠١١):** لە دوو ئاست گرفتی بۆ دروووستکراوە، یەکەم، هەوڵێک هەبوو بۆ هەموارکردنەوەی و بە لاڕێدارابردنی ناوەڕۆکی یاساکە. دووەم، بەهۆی زاڵبووی عورفی عەشایەری و لاوازی لە جێبەجێکردنی یاسا و بوونی چەک لە لای زۆر کەس، زۆرجار بکوژان و ئەنجامدەرانی توندوتیژی، سەرەڕایی بوونی سکاڵای یاسایی لە دژیان بەڵام دەستگیر ناکرێن و لە سزایی یاسایی دەربازیان دەبێت.

## ٢.٣ یاسا وەک چەکی سیاسی و ئابووری

واقیعی ئێستای هەرێم نیشاندەری لادانێکی مەترسیدارە لە پرەنسیپەکانی حوکمی یاسا:

- **یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٣) (تایبەت بە ئاسایشی هەرێم):** ئەم یاسایە یەکێکە لەمەترسیدارترین ئامرازی سیاسی بۆ سزادانی ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانان لە ژێر پەردەی "تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی". لە ڕێگەی دەستەواژە ناڕوونەکانی ناو ئەم یاسایە، کاری میدیایی و ڕەخنەی ئاشتیانە بە "سیخوڕی و تێکدەرانە" ناوزەد دەکرێت، تاوەکو دەنگە ناڕازییەکان بە سزای قورسی زیندانی بێدەنگ بکرێن، بە نموونە لە دۆسیەی (شێروان شێروانی و زیندانیانی بادینان) بەکارهێنراوە.
- **یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر:** ئەم یاسایە، ترسی زۆری لەسەر خەڵکی ناڕازی دروووستکردووە، بەو هۆیەوە چەندین خولی پەرلەمانی هەوڵی هەموارکردنی دراوە، لەچەندین ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیدا بە ئاشکرا باس لە پێویستبوونی هەمواری ئەم یاسایە کراوە، بەڵام بێ ئاکام بوو.

**سەربەخۆیی دادوەری و حزبیبوونی ئەمنی:** بە حزبیکردنی دامەزراوە ئەمنییەکان و دەستێوەردان لە کەیسە "هەستیارەکاندا" وایکردووە متمانەی هاووڵاتی بە دادگا بگاتە نزمترین ئاست. چەندین جار بەرپرسانی حزبی و حوکمی لە بۆنە جیاجیاکاندا ئاماژەیان بەوەکردوە کە دادگاکان بە حیزبی کراون، چەندین دادوەری بەئەزمون و خاوەن مێژوو نەیانشاردۆتەوە کە بارودۆخی دادوەری لە خراپترین ئاستیدایە. جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکانی دادگا لەلایەن بەرپرسە باڵاکانەوە، چەمکی "سەروەری یاسا"ی کردووەتە دەقێکی بێواتا.

- **پەلاماردانی سەربازی و جوڵەی هێز:** دیاردەی بەکارهێنانی هێزی چەکدار و "هێزی دەمامکدار" بۆیەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان، پەلاماردانی بارەگا حیزبیەکان و ناوەندە میدیاییەکان لە ساڵی ٢٠٢٥دا زیادی کرد، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گۆڕینی هەرێم بۆ دەسەڵاتێکی "پۆلیسی"، بێ ئەوەی لایەنی حکومی هیچ هەڵوێستێکی کرداریان لەسەر ئەم دیاردانە هەبێت.

### ٢.٤ یاساکانی وەبەرهێنان و ژینگە: لە نێوان قۆرغکاریی ئابووری و وێرانکاریی ژینگەییدا

ئەم تەوەرە تیشک دەخاتە سەر ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییان بە سامانی گشتی و ژینگەوە هەیە، کە چۆن لە خزمەتی بەرژەوەندییەکی بچووکدا بەکاردەهێنرێن:

١. **یاسای وەبەرهێنان (٢٠٠٦):** ئەم یاسایە کە بڕیار بوو ببێتە بزوێنەری ئابووری، بووەتە پاساو بۆ داگیرکردنی موڵکی گشتی. لە جیاتی گەشەپێدانی نیشتمانی، بووەتە سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی چەند کەس و کۆمپانیایەکی حیزبی کە زەوییە گرانبەهاکانی شار بە نرخێکی هەرزان وەک "دەرفەتی وەبەرهێنان" وەردەگرن.
٢. **یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە (٢٠٠٨):** ئەم یاسایە وەک چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پاراستنی (ئاو، هەوا، خاک) دانراوە، بەڵام لە واقیعدا بووەتە دەقێکی بێکاریگەر. پاڵاوگە نایاساییەکان و پرۆژە پیشەسازییەکانی سەر بە بەرپرسان، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەم یاسایە، پاشماوە کیمیاییەکانیان دەڕژێننە ناو ڕووبارەکان و هەوای شارەکانیان ژەهراوی کردووە، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ لێپرسینەوەیەک ببنەوە.

### ٢.٥ هەمواری یاسای باری کەسی: پاشەکشە بەرەو تائیفییەت

یەکێک لە مەترسیدارترین هەوڵە یاساییەکانی ساڵی (٢٠٢٤) و (٢٠٢٥)، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پرۆژەی هەمواری یاسای باری کەسی (ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩) بوو، کە کاریگەری مەترسییەکانی لەسەر هەرێمیش دەبێت، بە تایبەتی ترسەکە لەوێوە جدی تر دەبێت کە نوێنەرانی کورد دەنگیان بە یاساکەدا، مەترسیەکان:

- **شەرعییەتدان بە هاوسەرگیری منداڵان:** ڕێگە خۆشکەرە بۆ هاوسەرگیریکردنی کچان لە تەمەنی (٩) ساڵیدا، کە پێشێلکارییەکی زەقی مافەکانی منداڵ و کەرامەتی مرۆڤە.
- **تێکدانی یەکسانی و مافی ژنان:** زەوتکردنی مافی سەرپەرشتی منداڵ لە دایک و گۆڕینی ژن بۆ هاووڵاتی پلە دوو لە میرات و نەفەقەدا.
- **دروستکردنی دووفاقی یاسایی:** سەپاندنی مەزهەب لە جیاتی یاسای مەدەنی، یەکپارچەیی سیستەمی دادوەری تێکدەدات و پیاوانی ئایینی دەکاتە بڕیاردەر لە چارەنووسی خێزانەکان.
- **دژایەتی لەگەڵ دەستوور:** ئەم هەمووارە بە تەواوی دژی ماددەی (١٤) و (٢)ی دەستووری عێراقە کە جەخت لە یەکسانی و بنەماکانی دیموکراسی دەکەنەوە.
- **پاشەکشەیەکی مەترسیداری کولتووری:** ئەم هەمووارە هەوڵێکە بۆ زیندووکردنەوەی نەریتە دواکەوتووەکان و سڕینەوەی ئەو دەستکەوتە مەدەنییانەی کە چەندین ساڵە بۆ چەسپاندنی یەکسانی و سڕینەوەی کولتووری توندوتیژی خەباتیان بۆ دەکرێت.

### ٢.٦ دۆخی هەرێم لە تەرازووی پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا

- **بەراورد لەگەڵ پێوەرەکان:** کاتێک بەگشتی بەراوردی دۆخی هەرێم لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەکەین، پاشەکشەیەکی مەترسیدارنیشان دەدات، چونکە لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەی دیموکراسیدا ئەنجامدانی هەڵبژاردن یەکێکە لە بنەماکان، نەک هەمووی. ئەگەر لەگەڵ بوارێکی دیاریکراویش بەراوردی پێوەرە جیهانییەکان و مامەڵەی دامەزراوەکان، بە نموونە مامەڵەی دادگاکان بکەین، دەردەکەوێت کە جیاوازی زۆر هەیە لەنیوان پێوەری نێودەوڵەتی و مامەڵەی ناوخۆی دامەزراوەکاندا. گرنگترین پێوەرەکان:
  ١. سەروەری و دەسەڵاتی گەل، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە.
  ٢. پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان.

٣. جیاکردنەوە و سەربەخۆیی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری).
٤. پلورالیزم سیاسی و قبووڵکردنی جیاوازی بیرورا.

- **هەڵسەنگاندنی دامەزراوەیی:** حوکمڕانی لە هەرێم لەجیاتی چوون بەرەو "حوکمی ڕەشید"، بەرەو "تاکڕەوی و چڕبوونەوەی دەسەڵات لەدەستی یەک کەس" هەنگاو دەنێت.
- **شەفافییەت و لێپرسینەوە:** ململانێی کۆمپانیا حزبییەکان لە هەموو بوارەکاندا، و "کاولکردنی کەرتی گشتی لە پێناو کەرتی تایبەتی حزبی"، نیشانەی شکستی سیستماتیکە.
- **هەڵوێستی نێودەوڵەتی و ڕاسپاردەکان لە (UPR) :** ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ئامرازەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەردەوام تێبینی و نیگەرانیەکانیان خستوەتە ڕوو لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەت و گرنگی دان مافە سیاسی و مەدەنیەکان بەردەوام لە ڕاپۆرتەکانیاندا تێبینی و ڕاسپاردەی خۆیان خستوەتە ڕوو لە سەرووی هەموویانەوە پرۆسەی پانۆرامای خولی گشتگیر کە بە یو پی ئاڕ ناسراوە، زیاتر لە ٣٥٠ ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی بۆ عێراق و هەرێم هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها لە ناو دەقەکاندا باسی دیموکراسی دەکرێت و لە کرداردا بەرەو "ئیفلیجی دامەزراوەیی" دەچێت.

### ئەنجام

بەراوردکردنی دەقەکان لەگەڵ واقیعدا دەیسەلمێنێت کە کێشەی هەرێمی کوردستان لە "نەبوونی یاسا"دا نییە، بەڵکو لە بوونی ئیرادەیەکی سیاسیدایە، کە یاسا تەنها وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی نوخبەیەکی دیاریکراو و بێهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بەکاردەهێنێت.

## بەشی سێیەم: قەیرانی شەرعییەت و ئیفلیجی دامەزراوەیی

### ٣.١ قەیرانی پەرلەمان: دواکەوتنی هەڵبژاردن و عورفی "دانیشتنی کراوە"

**یەکەم: هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان**

مێژووی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)وە هەتا ئێستا، نیشاندەری کێشەیەکی قووڵە لە پابەندبوون بە وادە یاساییەکان. بەهۆی ململانێ سیاسییەکان و شەڕی ناوخۆوە، درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بووەتە نەریتێکی چەسپاو. پەرلەمان لە ڕێگەی هەموارکردنی یاساکانەوە، چەندین جار تەمەنی خۆی درێژ کردووەتەوە، کە دیارترینیان یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٨)بوو، کە مەرجی کۆتاییهاتنی خولی یەکەمی بەستەوە بە "بەستنی یەکەم دانیشتنی خولی نوێ"، ئەمەش بووە بنەمایەک بۆ پەککخستنی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە خولەکانی دواتریشدا.

| خشتەی خولەکانی پەرلەمانی کوردستان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | خولی هەڵبژاردن | وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن | وادەی دەستپێکردن | وادەی کۆتایی | وادەی کۆتایی بە کرداری |
| ١. | خولی یەکەم | ١٩٩٢/٠٥/١٩ | ١٩٩٢/٠٦/٠٤ | ١٩٩٥/٠٦/٠٤ | ٢٠٠٥/٠١/٣٠ |
| | درێژکردنەوەی یەکەم | | ١٩٩٥/٠٧/٢٥ | ١٩٩٦/٠٦/٠٤ | |
| | درێژکردنەوەی دووەم | | ١٩٩٦/٠٦/٠٣ | ١٩٩٦/٠٩/٠٤ | |
| | درێژکردنەوەی سێیەم | | ١٩٩٦/٠٩/٠٣ | ١٩٩٨/٠٦/٠٤ | |
| | درێژکردنەوەی چوارەم | | ١٩٩٨/٠٤/١٥ | هەتا هەڵبژاردن | |
| ٢. | خولی دووەم | ٢٠٠٥/٠١/٣٠ | ٢٠٠٥/٠٦/٠٤ | ٢٠٠٩/٠٦/٠٤ | ٢٠٠٩/٠٨/٢٠ |
| | درێژکردنەوەی خولی دووەم | | ٢٠٠٩/٠٥/١٣ | هەتا گرێدانی کۆبوونەوەی یەکەم | |
| ٣. | خولی سێیەم | ٢٠٠٩/٠٧/٢٥ | ٢٠٠٩/٠٨/٢٠ | ٢٠١٣/٠٨/٢٠ | ٢٠١٣/١١/٠١ |
| | درێژکردنەوەی خولی سێیەم | | ٢٠١٣/٠٨/٣٠ | ٢٠١٣/١١/٠١ | |
| ٤. | خولی چوارەم | ٢٠١٣/٠٩/٢١ | ٢٠١٣/١١/٦ | ٢٠١٧/١١/٠٦ | ٢٠١٨/١١/٦ |
| | درێژکردنەوەی خولی چوارەم | | ٢٠١٧/١٠/٢٤ | ٢٠١٨/١١/٠٦ | |
| ٥. | خولی پێنجەم | ٢٠١٨/٠٩/٣٠ | ٢٠١٨/١١/٦ | ٢٠٢٢/١١/٠٦ | ٢٠٢٣/٠٥/٣٠ |
| | درێژکردنەوەی خولی پێنجەم | | ٢٠٢٢/١٠/٩ | ٢٠٢٣/١١/٠٦ | |
| ٦. | خولی شەشەم | ٢٠٢٤/١٠/٢٠ | ٢٠٢٤/١٢/٠٢ | ٢٠٢٨/١٢/٠٢ | |

لە (٢٠٢٣/٠٥/٣٠)دا، دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، درێژکردنەوەی تەمەنی خولی پێنجەمی بە "نایاسایی" ناساند و کۆتایی بە شەرعییەتی پەرلەمان هێنا. بەوپێی لە (٢٠٢٢/١١/٠٦ تاکو ٢٠٢٥/١٢/٣١) زیاتر لە (٣) ساڵە پەرلەمان لە کارکەوتووەن، لە کاتێکدا (٢٠٢٤/١٠/٢٠) هەڵبژاردنی خولی شەشەم ئەنجامدراوە، بەڵام هەتا ئێستا پەرلەمان دەستی بە کارەکانی نەکردووە و دانیشتنی یەکەم بە "کراوەیی" ماوەتەوە. ئەمەش عورفێکی نوێی مەترسیدارە کە پەککخستنی پەرلەمان لە سەرەتای خولەکەوە دەستپێکرد.

**دووەم: هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (بەراوردکاری)**

بە پێچەوانەی هەرێمی کوردستانەوە، پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق لە دوای ساڵی (٢٠٠٥) جۆرێک لە سەقامگیری لە وادە یاساییەکاندا بەخۆیەوە بینیوە. هەر پێنج خولەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە وادەی خۆیاندا یان بە هەڵبژاردنی پێشوەختە (وەک وەڵامدانەوەی نارەزایەتییەکان) ئەنجامدراون، و تا ئێستا پەنا بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان نەبراوە.

| خشتەی خولەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | خولی هەڵبژاردن | وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن | وادەی یەکەم دانیشتن | وادەی کۆتا دانیشتن بە پێی یاسا | وادەی کۆتایی بە کرداری |
| ١. | خولی یەکەم | ٢٠٠٥/١٢/١٥ | ٢٠٠٦/٠٣/١٦ | ٢٠١٠/٠٣/١٥ | ٢٠١٠/٠٢/٠٧ |
| ٢. | خولی دووەم | ٢٠١٠/٠٣/٠٧ | ٢٠١٠/٠٦/١٤ | ٢٠١٤/٠٦/١٣ | ٢٠١٤/٠٤/٠٣ |
| ٣. | خولی سێیەم | ٢٠١٤/٠٤/٣٠ | ٢٠١٤/٠٧/٠١ | ٢٠١٨/٠٦/٣٠ | ٢٠١٨/٠٦/٢٤ |
| ٤. | خولی چوارەم | ٢٠١٨/٠٥/١٢ | ٢٠١٨/٠٩/٠٣ | ٢٠٢٢/٠٩/٠٢ | ٢٠٢١/٠٧/١٤ |
| ٥. | خولی پێنجەم | ٢٠٢١/١٠/١٠ | ٢٠٢٢/٠١/٠٩ | ٢٠٢٦/٠١/٠٨ | ٢٠٢٥/١١/١١ |
| ٦. | خولی شەشەم | ٢٠٢٥/١١/١١ | ٢٠٢٥/١٢/٢٩ | ٢٠٢٩/١٢/٢٩ | |

### ٣.٢ پەککەوتنی دامەزراوە سەربەخۆکانی چاودێری

لە هەرێمی کوردستان، ئەو دامەزراوانەی کە ئەرکی چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان لەسەرە، لە بۆشاییەکی یاسایی مەترسیداردان:

**١. دیوانی چاودێری دارایی (یاسای ٢ی ٢٠٠٨):** گەورەترین دەزگای چاودێری دارایی لە (٢٠٢٣/٥/٢)وە بێ سەرۆکە. ئێستا لە لایەن بەڕێوەبەرێکی گشتییەوە بەڕێوەدەبرێت کە دەسەڵاتی یاسایی سەرۆکی دیوانی نییە، ئەمەش چاودێریی بەسەر داهات و خەرجییەکانەوە بە تەواوی ئیفلیج کردووە و ناتوانێت بە کارەکانی هەستێت.

**٢. کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی (یاسای ٤ی ٢٠١٤):** پێکهێنانی ئەم دامەزراوەیەش لەسەر بنەمای پشکی حزبی بوو، کۆمسیۆن بەسەر حزبەکانی (پارتی، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، گۆڕان) دابەشکرا. لە ساڵی (٢٠١٩)وە ماوەی یاسایی کۆتایی هاتووە. بەهۆی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و ناکۆکییە سیاسییەکانەوە، نزیکەی (٦)ساڵە ئەم دەستەیە بێ شەرعییەت ماوەتەوە و پەکخراوە.

**٣. دەستەی دەستپاکی (یاسای ٣ی ٢٠١١):** سەرۆکی ئێستا لە ساڵی (٢٠١٣)وە دەستبەکار بووە، واتە زیاتر لە (٨) ساڵە ماوەی یاساییەکەی بەسەرچووە. ئەم دۆخە لێپرسینەوە لە گەندەڵیی کردووەتە پرۆسەیەکی بێ کاریگەر.

**٤. دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ (یاسای ٤ی ٢٠١٠):** ئەم دەستەیەش بەهۆی نەمانی پەرلەمان و ململانێ سیاسییەکانەوە، شەرعییەتی نوێکردنەوەی پۆستەکانی لەدەستداوە.

### ٣.٣ ئەنجوومەنی پارێزگاکان و بۆشایی کارگێڕی

بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی بۆ نادەستووریبوونی درێژکردنەوەی تەمەنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، گورزێکی تربوو لە پرۆسەی چاودێریی خۆجێی. بەو هۆیەوە تەواوی بڕیارە کارگێڕییەکان لە دەستی پارێزگار و فەرمانگەکاندا چڕبووەوە، بەبێ بوونی هیچ دامەزراوەیەکی هەڵبژێردراو بۆ چاودێری و لێپرسینەوە. ئەمەش متمانەی هاووڵاتیانی بە ئیدارەی خۆجێی گەیاندووەتە نزمترین ئاست.

### ٣.٤ پێکنەهێنانی کابینەی حکومەت و بنبەستی سیاسی

دوای هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان، لە (٢٠٢٤/١٠/٢٠)دا، دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کەوتنە ناو قۆناغێکی نوێی پەککەوتن. ناکۆکییە قووڵەکانی نێوان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان، پێکهێنانی کابینەی دەیەم و دەستبەکاربوونی پەرلەمانی وەستاندووە.

جێگەی تێبینییە کە ئەو دوولایەنە سیاسییە، پێکهێنانی حکومەتی عێراق و وەرگرتنی پۆستەکان لە بەغدا بە کارێکی لەپێشتر دەزانن وەک لە کاراکردنەوەی دامەزراوەکانی ناوخۆی هەرێم. ئەم جۆرە لە مامەڵەکردن، دیموکراسیی هەرێمی کوردستانی تەنها لە (سندوقی دەنگدان)دا کورت کردووەتەوە و متمانەی گشتی بە هەڵبژاردن وەک ئامرازێکی گۆڕانکاری لەناوبردووە.

#### ئەنجام

شیکاریی دۆخی پەرلەمان و دامەزراوە چاودێرییەکان لە هەرێمی کوردستان ئەم ڕاستیانە دەسەلمێنێت:

**١.** هەرێمی کوردستان لە هەنگاونان بۆ "دامەزراوەیی" گۆڕاوە بۆ سیستەمێکی "ڕێککەوتنی سیاسی". یاسا تەنها کاتێک کاری پێدەکرێت کە لە بەرژەوەندیی پارتە دەسەڵاتدارەکاندا بێت، لە کاتی پێچەوانەشدا پەنا بۆ "درێژکردنەوە" یان "پەکخستن" دەبرێت.

**٢.** پەککەوتنی هاوکاتی پەرلەمان، دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی، ژینگەیەکی لەباری بۆ گەندەڵی و بڕیاری تاکڕەوانە دروستکردووە. حکومەت ئێستا بەبێ هیچ چاودێرییەکی یاسایی و هەڵبژێردراو خەرجی و داهاتەکان بەڕێوەدەبات.

**٣.** عورفی "دانیشتنی کراوە" و دواخستنی پێکهێنانی حکومەت بۆ ماوەی چەندین ساڵ، پەیامێکی نەرێنی دەداتە هاووڵاتیان کە دەنگەکانیان هیچ گۆڕانکارییەک لە واقیعی حوکمڕانیدا دروست ناکات.

**٤.** مانەوەی دامەزراوەکان بەبێ نوێکردنەوەی شەرعییەت بۆ ماوەی چەندین ساڵ، پێگەی یاسایی و نێودەوڵەتیی هەرێمی کوردستانی لەبەردەم ناوەندە جیهانییەکاندا لاواز کردووە و هەرێمی لە بازنەی دیموکراسییەکانەوە بەرەو حوکمی "نادیار" بردووە.

٥. حزبە دەسەڵاتدارەکان، دەستوەردان لەکاروباری سەرجەم (سەندیکا، کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەییەکان)دا، دەکەن. بەوهۆیەوە ڕەوایەتی یاسایی زۆرینەیان بەسەرچووە و ناتوانن هەڵبژاردن بۆ دەستە و ئەنجوومەنی نوێ بکەن.

## بەشی چوارەم: کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێوان ئیحتکاری دارایی و گەمارۆی ئەمنیدا

پاشەکشەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان تەنها دامەزراوە گشتییەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی دامەزراوەیی هێرش کراوەتە سەر سەربەخۆیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان. هەرچەندە یاسای ژمارەی (١)ی ساڵی (٢٠١١) ڕێکخراوەکان، یاسایەکی پێشکەوتووە، بەڵام لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ڕۆحی یاساکە کوژراوە و ئەم کەرتە ڕووبەڕووی هەردوو مەترسی: "ئیحتکاری دارایی" و "گەمارۆی ئەمنی" بۆتەوە.

### ٤.١ قۆرخکاری دارایی و دیاردەی "ڕێکخراوە سێبەرەکان"

وەک لە نامەی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی،کە لە (٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥) ئاراستەی ڕێکخراوە جیهانیەکان و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەرێم و عێراق کرا، جەختکراوەتەوە لەوەی پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم، ستراتیژێکی نوێیان گرتووەتە بەر بۆ کۆنترۆڵکردنی مەودای مەدەنی، ئەوانیش:

- **دروستکردنی ڕێکخراوی سێبەر(تەریب):** زیاتر لە (٦٠٠٠) ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتیان هەیە، بەڵام گروپێکی دیاریکراو لە ڕێکخراوی حزبی و بنەماڵەیی جیاکراونەتەوە و بودجەی گشتی و موڵک و ماڵی دەوڵەتیان بۆ تەرخان دەکرێت و داتا و زانیاری، و دەرگای دامەزراوە حکومییەکانیان بۆ واڵاکراوە.
- **بەلاڕێدا بردنی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان:** لایەنە پارەبەخشە نێودەوڵەتییەکان و کونسوڵخانەکان، بەهۆی پەیوەندییە سیاسییەکانەوە، بەشێکی پرۆژە و بودجەی تەرخانکراوی وڵاتەکانیان دەدەنە ڕێکخراوە حزبییەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی ڕێکخراوە سەربەخۆکان و شەرعییەتدان بە گەندەڵی، کە دواجار متمانەی هەموان بە گۆڕانکاریی مەدەنی لەناو دەبات.

### ٤.٢ گەمارۆی ئەمنی و پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندی

دامەزراوە ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕێکارگەلێکیان گرتووەتە بەر کە کاری ڕێکخراوەییان بە ڕەو قەیرانێکی گەورە بردووە:

- **سیستەمی مۆڵەتی پێشوەختە:** ئاسایش داوا دەکات بۆ هەموو چالاکییەک، تەنانەت بۆ چالاکییە ناوخۆییەکانی ناو ئۆفیسیش ڕێکخراوەکان مۆڵەتی فەرمی وەربگرن. ئەمە جگە لەوەی ئامرازی ئاسان ڕەچاونەکراوە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری، بەشێکی ئەو چالاکیانەی داوای مۆڵەتیان بۆ دەکرێت، بە مانگ دوای وادەی دیاریکراوی چالاکییەکە وەڵام دەدرێنەوە، کە ئاشکرا دیارە ئەم ڕێگایە بۆ ڕێگرییە نەک کارئاسانی و پاراستنی ئارامی و ئاسایش.
- **فشارە ئەمنییەکان و چاودێری:** داواکردنی دانانی کامێرای چاودێری لە ناو ژوورەکانی کارکردن، یەکێکە لە پێشێلکارییە زەقەکانی مافی مرۆڤ و ژیانی تایبەتی. ئەمە لەگەڵ "پرکردنەوەی بەڵێننامە لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە بە سەرۆک و بەڕێوبەری ڕێکخراوەکان بە بێ بوونی هیچ پاڵپشتییەکی یاسایی"، هەوڵێکی ئاشکرایە بۆ ترساندنی چالاکوانان و چاودێریکردنی وردی پەیوەندییەکانیان، لە ژینگەیەکی "پۆلیسی" وادا ترس زاڵ دەبێت و ئازادیی کارکردنی مەدەنی پەکدەخرێت.

### ٤.٣ ئاستەنگە کارگێڕی، دارایی و میدیاییەکان

جگە لە گوشارە ئەمنییەکان، ڕێکخراوە سەربەخۆکان ڕووبەڕووی ئەم ئاستەنگانەش دەبنەوە:

- **ئاڵنگاریی باج و دەستەبەری کۆمەڵایەتی:** حکومەت بە هەمان چاوی کۆمپانیاکان سەیری ڕێکخراوەکان دەکات و بە هەمان ڕێکاری مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، کە ئەمەش پێچەوانەی ناوەڕۆکی یاسای ڕێکخراوە نا حکومییەکانە. پێویستە ڕێنمایی و ڕێکاری تایبەت دەربچوێندرێت تایبەت بە بابەتی باج و دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بە کاری ڕێکخراوەیی.
- **شێواندنی ناوبانگ:** میدیا سێبەرەکانی دەسەڵات، لەکاتی دەنگ بەرزکردنەوەی ڕێکخراوەکان، لەسەر پرسەکان (مافی مرۆڤ، داواکردنی شەفافیەت و بەهێزکردنی لێپرسینەوە، باشترکردنی خزمەتگوزارییە حکومییەکان) پەنا بۆ هەڵمەتی فراوانی ناوزڕاندن دژ بە ڕێکخراوە سەربەخۆکان دەبەن، بە تۆمەتی "جێبەجێکردنی ئەجێندای بیانی" یان "دژایەتیکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان" تاوەکو ڕای گشتییان لێ دوور بخەنەوە و هانیان بدەن بۆ دژایەتی لەگەڵ ڕێکخراوەکان.
- **بەربەستە بانکییەکان:** بانکەکانیش بوون بە ئامرازێکی فشار لەسەر ڕێکخراوەکان و گرفت لەبەردەم کردنەوەی هەژمار و مامەڵە داراییەکانیان درووستدەکەن.

**ئەنجام:**

بەراوردکردنی یاسای ڕێکخراوەکان لەگەڵ واقیعی ئێستادا نیشانی دەدات کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی "بەتاڵکردنەوەی ناوەڕۆکدا"، دەسەڵات لە ڕێگەی ڕێکخراوە سێبەرەکانەوە جومگە داراییەکانی کۆنترۆڵ کردووە و لە ڕێگەی دامەزراوە ئەمنییەکانیشەوە "ڕۆحی ئازادی و سەربەخۆیی" لە ڕێکخراوەکان زەوت کردووە. ئەم دۆخە نەک هەر گەشەی دیموکراسی ڕادەگرێت، بەڵکو هەرێمی کوردستان بەرەو سیستەمێکی تەواو تاکڕەو دەبات کە تێیدا هیچ دەنگێکی سەربەخۆ بۆ چاودێری و لێپرسینەوە نامێنێتەوە.

## بەشی پێنجەم: لێکەوتەکان لەسەر ژیانی هاووڵاتیان (ڕەهەندە مرۆیی و خزمەتگوزارییەکان)

ناڕوونیی سیاسی و پەککەوتنی دامەزراوەکان، جۆرێتی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی ڕووبەڕووی قەیران کردووەتەوە. ئەم چەقبەستوویییە نەک هەر بووەتە هۆی وەستانی بازاڕ و تێکچوونی بژێوی، بەڵکو متمانەی گشتی بە حکومڕانی لەق کردووە. لێرەدا لێکەوتە مەترسیدارەکانی ئەم پاشەکشەیە لە سێکتەرە جیاوازەکاندا دەخەینە ڕوو، کە چۆن تێکەڵبوونی بەرژەوەندیی حزبی و حکومەت و پەنابردن بۆ سیاسەتی بە تایبەتیکردن "خەسخەسە"، شکۆی هاووڵاتییانی خستووەتە مەترسییەوە:

### ٥.١ ئاستەنگە ئابوورییەکان و بێکاریی گەنجان

ئاڵنگارییە ئابوورییەکانی بەردەم گەنجان لە هەرێم بەهۆی ناسەقامگیریی سیاسی و نادادی لە دابەشکردنی سامانی گشتی و گەندەڵیی ئیداری، بووەتە هۆی هەژاربوونی توێژێکی گەورەی کۆمەڵگە.

- **ئامارەکانی بێکاری:** ڕێژەی بێکاری لە هەرێم گەیشتووەتە نزیکەی( ١٥٪) و هەژاریش (٩٪).
- **نەبوونی هەلی کار:** کەمی و نەبوونی هەلی کار، گەنجانی تووشی بێزارییەکی قووڵ کردووە، کە زۆرجار بە کاردانەوەی نەرێنی بەرامبەر بە کۆمەڵگە یان بڕیاری کۆچکردنی بەکۆمەڵ کۆتایی دێت. بەپێی توێژینەوەی چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، زۆربەی گەنجان ناچارن کارێک بکەن کە لەگەڵ بڕوانامە و ئارەزووەکانیاندا ناگونجێت تەنها بۆ بەدەستهێنانی داهاتێکی کەم. هەروەها قەیرانی ئابووری چەندین گرفتی دەروونی و خێزانی درووستکردووە و کاریگەری بەرچاوی لەسەر ڕێژەی گەشە دانشتوان کردووە.

### ٥.٢ کەرتی پەروەردە و فێرکردن

پەروەردە گەورەترین کەرتی خزمەتگوزارییە، بەڵام ڕووبەڕووی چەندین گرفتی گەورە بووەتەوە. سەرەڕای ئەوەی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) بە هێمنی دەستی پێکرد، بەڵام کێشە ژێرخانییەکان وەک خۆیان ماونەتەوە.

- **ئامارە سەرەکییەکان:** زیاتر لە (١,٧) ملیۆن قوتابی و (١٤٤) هەزار مامۆستای (میلاک و وانەبێژ) لە (٧,٥٥٤) ناوەندی خوێندندا هەن، لەگەڵ بوونی (١٥٤) هەزار قوتابی لە کەرتی خوێندنی تایبەت، کە بوونی ئەو ژمارە زۆرە لە خوێندکار لە کەرتی تایبەت، جێی سەرنجە و ئاماژەیە بۆ پوکانەوەی قوتابخانە حکومییەکان.
- **ئاڵنگارییەکانی ژێرخان:** کەمیی و خراپیی بینا یەکێکە لەگەورەترین گرفتەکان، زۆربەی قوتابخانەکان دوو دەوامن و سێ دەوامیش کەم نین. بیناکان کۆنن و ژینگەیەکی نەشیاویان هەیە، وەک (نەبوونی تاقیگە، یاریگا، سیستەمی گەرمکەرەوە). ئەم قەرەباڵغییە وایکردووە ژمارەی قوتابیان لە پۆلێکدا بگاتە (٤٠ بۆ ٥٠) کەس، لە کاتێکدا ستاندارد دەبێت (١٨ بۆ ٢٢) قوتابی بێت.
- **بایکۆت و گرفتەکانی مامۆستایان:** بەهۆی بڕینی مووچە و ڕاگرتنی پلەبەرزکردنەوە لە ساڵی (٢٠١٤)وە، مامۆستایان لە دۆخێکی دەروونی و دارایی خراپدان. ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی بایکۆتی بەردەوام و دابەزینی ئاستی زانستیی قوتابیان.
- **دەستێوەردانی حزبی:** حزبە دەسەڵاتدارەکان هەژموونی تەواویان بەسەر ناوەندەکانی پەروەردەشدا هەیە. دانانی بەڕێوەبەرەکان و تەواوی پۆستەکانی تر لەسەر بنەمای حزبییە نەک شایستەیی، ئەمەش سیستەمەکەی تێکداوە و خوێندنی حکومی بێبایەخ کردووە، تاوەکو ڕێگە بۆ بازرگانیی قوتابخانە ئەهلییەکان خۆش بکرێت.

### ٥.٣ خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

ئەم کەرتەش بەدەست نادادی و پێشێلکاریی یاساییەوە دەناڵێنێت.

کەرتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان یەکێکە لە گەورەترین کەرتە خزمەتگوزارییەکان، بەڵام هاوشێوەی پەروەردە، ڕووبەڕووی قەیرانی قووڵ بووەتەوە. هەرچەندە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) بەهۆی چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەی وانەبێژان ئارام دەردەکەوێت، بەڵام ژێرخانی زانستی و یاسایی ئەم کەرتەش پڕە لە قەیران.

- **ئامارە سەرەکییەکان:** لە هەرێمدا (٢٠) زانکۆی حکومی بەرامبەر بە (١٨) زانکۆ و (٣٦) پەیمانگەی تایبەت هەن. ژمارەی مامۆستایان لە زانکۆ حکومییەکان نزیکەی (١١,٥٦٠) کەسە و لە زانکۆ تایبەتەکانیش (١,٩٣٨) مامۆستا هەن، جێی سەرنجە کە لە هەردوو کەرتەکەدا پتر لە (١,١٠٠) مامۆستا نازناوی زانستییان نییە، ئەمەش پرسیار لەسەر کوالێتیی ستافی وانەبێژ دروست دەکات.
- **دارمانی ستانداردە زانستییەکان:** یەکێک مەترسیەکان، وەرگرتنی "لێشاو"ی خوێندکارانە لە خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا)، بۆ نموونە لە ساڵی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)دا (١٠,٥٠٠) کەس وەرگیراون، کە ئەم ژمارەیە نزیکە لە کۆی گشتی مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکان. ئەم هەنگاوە ئاستی زانستیی زانکۆکانی دابەزاندووە و بڕوانامەی بێ ناوەڕۆکی بەرهەمهێناوە.
- **پەککەستنی تواناکان و بودجە:** دەرچووانی "سێ یەکەمەکان" لە ساڵی (٢٠١٦)وە (بۆ ماوەی ٨ ساڵ) دانەمەزراون، ئەمەش گورزێکی کوشندەیە لە هاندانی زانستی. هاوکات، حکومەت هیچ بودجەیەکی بۆ توێژینەوەی زانستی تەرخان نەکردووە، بە جۆرێک کە پتر لە ١٠ هەزار توێژینەوە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا بڵاوکراونەتەوە بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی کردەیی و بەرهەمێکیان هەبێت.

### ٥.٤ ئاسایشی تەندروستی و کارەساتی دەرمان

پرسی دەرمان لە هەرێمی کوردستان یەکێکە لە مەترسیدارترین کەیسەکان کە پەیوەندیی بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە.

- **دارمانی کەرتی گشتی:** (٩٦٪)ی هاووڵاتیان دەرمان لە کەرتی تایبەت دەکڕن. تەنها (٤٪)ی خەڵک سوودمەندن لە دەرمانی نەخۆشخانە حکومییەکان، ئەویش تەنها بۆ چارەسەرە زۆر سەرەتاییەکان. (٩٧٪)ی ئەو نەخۆشانەی سەردانی نەخۆشخانە حکومییەکان دەکەن، ناچار دەکرێن دەرمانەکانیان لە دەرەوە بکڕن.
- **ساغکردنەوەی دەرمانی ساختە:** هەرێم و عێراق بوونەتە مەیدانی دەرمانی ساختە و کوالێتی نزم. دەرمان بە ناوی وڵاتانی (بیلاروسیا، ئەرجەنتین، و سوریا/حەلەب) دەفرۆشرێت، لە کاتێکدا کارگەکانی شاری حەلەب لە جەنگی سوریادا وێران بوون، بەڵام هەتا ئێستا دەرمانی تازە بەو ناونیشانەوە لە بازاڕەکانی هەرێمدان، کە نیشانەی ساختەکارییەکی ڕێکخراوە.
- **تێوەگلانی میلیشیاکان:** گروپە میلیشیاکانی عێراق و حزبوڵای لوبنان تێوەگلاون لە ساختەکردنی براندە جیهانییەکان و هەناردەکردنیان بۆ هەرێم. تەنانەت "ستیکەری" وەزارەتی تەندروستی هەرێمیش لە لایەن گروپە چەکدارەکانەوە لە کەرکوک ساختە دەکرێت بۆ ئەوەی دەرمانە ساختەکان بە فەرمی دەربکەون.
- **قۆرخکاریی حزبی:** بازرگانیی دەرمان کە ساڵانە بە (یەك ملیار و دووسەد ملیۆن دۆلار) دەخەمڵێندرێت، لە ژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیا حزبییەکان و بەرپرسەکاندایە. ئەم کۆمپانیایانە تەنها سەیری قازانج دەکەن و ئەو دەرمانانە هاوردە دەکەن کە سوودی داراییی زۆریان هەیە، نەک ئەوانەی پێویستیی خەڵکن.

- **دەرمانی شێرپەنجە:** مەترسیدارترین لایەن، گومانە لە دەرمانی شێرپەنجە. حکومەت گرێبەستەکانی لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان هەڵوەشاندووەتەوە و تەنها لە یەک کۆمپانیای ناوخۆیی (کە دەستی دووەمە) دەرمان دەکڕێتەوە بە نرخێکی گرانتر، کە ئەمەش کاریگەری و کوالێتیی دەرمانەکەی خستووەتە ژێر پرسیارەوە.

## ٥.٥ وزە و کارەبا (مەترسییەکانی سەر ئاسایشی وزە و بژێوی)

سێکتەری وزە و کارەبا لە هەرێمی کوردستاندا بەدەست دوو کێشەی بنەڕەتییەوە دەناڵێنێت، یەکەمیان ناسەقامگیریی سەرچاوەکانی وزە کە بەهۆی ململانێ سیاسییەکان و پەلامارە دەرەکییە بەردەوامەکانی وەک هێرش بۆ سەر کێڵگەی (کۆرمۆر)، ژێرخانی وزەی هەرێمی خستووەتە بەر مەترسی رژد و هاووڵاتیانی کردووەتە بارمتەی ململانێکان. دووەمیان، پرسی کارەبای نیشتمانییە کە ئێستا لەژێر ناوی پرۆژەی "ڕووناکی"دایە، بارگرانییەکی دارایی گەورە بۆ سەر شانی هاووڵاتیان دروستکردووە و لە ئایندەدا زیاتر ئاماژەکانی دیاردەکەوێت. ئەم گرانییەی نرخی کارەبا بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئاستی بژێوی و داهاتی ئێستای خەڵکدا ناگونجێت و پێچەوانەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و دابینکردنی ژیانێکی شکۆمەندانەیە. حکومەت لە جیاتی چاکسازیی بنەڕەتی، مافی دەستڕاگەیشتن بە وزەی کردووەتە ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی داهات، لەسەر گیرفانی چینە هەژارەکان.

## ٥.٦ ئاو و ژینگە (قەیرانی بەڕێوەبردن و داگیرکاریی ژینگەیی)

لە کەرتی ئاو و پاراستنی ژینگەدا، هاووڵاتیان لەناو پارادۆکسێکی کوشندەدا دەژین، هاوینان بەدەست تینوێتی و بێئاوییەوە دەناڵێنن و زستانانیش شارەکانیان دەبێتە قوربانی لافاو و نەبوونی سیستەمی ئاوەڕۆی مۆدێرن. ئەم شکستی بەڕێوەبردنە لە کاتێکدایە کە قەیرانی بێئاوی لە زۆرینەی شار و شارۆچکەکان گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار. چەمچەماڵ وەک "شارە تینووەکە" و ناوچەکانی شۆڕش و تەکیە ساڵانە بەدەست بێئاوییەوە دەجەنگن، لە هەولێریش، هەرچەندە پرۆژەی (ئیفرازی ٣) بەشێکی گەورەی کێشەکەی چارەسەر کردووە، بەڵام هێشتا دابەزینی ترسناکی ئاستی ئاوی ژێرزەوی و شکستی گەیاندنی ئاو بۆ گەڕەکەکانی دەوروبەر وەک هەڕەشەیەکی جیدی ماونەتەوە.

ئەم دۆخە دەرەنجامی پەککەوتنی کەرتی شارەوانییە کە نەیتوانیوە هاوشانی فراوانبوونی شارەکان گەشە بکات. هاوکات، یاسای وەبەرهێنان لە جیاتی خزمەتی گشتی، بووەتە سەکۆیەک بۆ داگیرکردنی موڵکی گشتی و لەناوبردنی ناوچە سەوزاییەکان. زەوییە ستراتیژییەکان دەدرێنە کۆمپانیاکانی حزب بۆ پرۆژەی نیشتەجێبوون و بازرگانی، ئەمەش نەک هەر مافی نەوەکانی داهاتوو لە ژینگەیەکی تەندروست پێشێل دەکات، بەڵکو هاوسەنگیی سروشتیی ناوچەکانی تێکداوە. لە پاڵ ئەمانەشدا، نەبوونی سیستەمی زانستیی چارەسەرکردنی خاشاک و کۆکردنەوەی پاشماوە بە شێوازی مۆدێرن، ژینگەی هەرێمی بەرەو کارەساتێکی تەندروستی بردووە. تێکەڵبوونی پاشماوەی ژەهراوی بە ئاوی ژێرزەوی و سووتاندنی هەڕەمەکیی خاشاک لە کەنار شارەکان، دوایین مێخە لە جەستەی ژینگەی وێرانکراوی ئەم نیشتمانە دەدرێت.

**ئەنجام**

١ .نەمانی متمانەی هاووڵاتی بە تەواوی سیستەمی خزمەتگوزاری حکومی.

٢ .زیادبوونی مەترسیی مەرگ بەهۆی دەرمانی بێ کوالێتی و ساختە.

٣ .پەرەسەندنی جیاکاریی چینایەتی، هەژارەکان لە خزمەتگوزاری بێبەش دەبن و دەوڵەمەندەکانیش پارەیان لە کەرتی تایبەتدا بەهەدەر دەچێت.

٤ .حزب بەهۆی بەرژەوەندیی بازرگانییەوە، ئاسایشی نەتەوەیی و تەندروستیی خەڵکی خستووەتە مەترسییەوە.

## بەشی شەشەم: دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان

### ٦.١ دەرەنجامە سەرەکییەکان

دوای شیکردنەوەی وردی دۆخی هەرێمی کوردستان لە ڕەهەندە یاسایی، سیاسی، و خزمەتگوزارییەکانەوە، ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە دەخرێنە ڕوو:

**١. قەیرانی شەرعییەت و بۆشایی یاسایی:** نەمانی پەرلەمان و بەسەرچوونی ماوەی یاسایی دامەزراوە چاودێرییەکانی (دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی دەستپاکی، کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، دەستەی مافی مرۆڤ و ئەنجوومەنی پارێزگاکان)، وێڕای کەمی کاریگەریان، بەڵام بۆشاییەکی یاسایی و چاودێری دروستکردووە. ئەمە وایکردووە حکومەت وەک تاکە دەسەڵات بەبێ هیچ چاودێری و لێپرسینەوەیەک بڕیار لە چارەنووسی گشتی بدات.

**٣. دارمانی کەرتی گشتی و جیاکاریی چینایەتی:** پاشەکشەی سیستماتیکی کەرتی حکومی لە پەروەردە و تەندروستی، وگەشەی ناتەندروستی کەرتی تایبەت لەسەر حیسابی کەرتی گشتی، جیاکارییەکی چینایەتی قووڵی دروستکردووە. ئەمە متمانەی گەنجانی بە ئایندە لەناوبردووە و کۆچی وەک تاکە ڕێگەی ڕزگاربوون نیشانداوە.

**٤. داپڵۆسینی فەزای مەدەنی:** بەکارهێنانی یاساکانی تایبەت بە (پاراستنی ئاسایشی هەرێم و خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) وەک چەکێک دژی ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانان، هاوشان لەگەڵ فشارە ئەمنییەکان بۆ سەر ڕێکخراوەکان، مەودای ئازادییەکانی بە تەواوی بەرتەسک کردووەتەوە.

### ٦.٢ ڕاسپاردەکان

**یەکەم: بۆ پەرلەمانی کوردستان (خولی شەشەم)**

١. **کاراکردنەوەی دەستبەجێ:** پێویستە کۆتایی بە "دانیشتنی کراوە" بهێنرێت و پەرلەمان دەست بە کارەکانی بکاتەوە.
٢. **نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستووری هەرێم:** دەستپێکردنی هەنگاوە کردەییەکان بۆ داڕشتنەوە و پەسەندکردنی (دەستووری هەرێمی کوردستان) وەک چوارچێوەیەکی یاسایی باڵا کە تێیدا جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ماف و ئازادییەکان و شێوازی حوکمڕانی بە ڕوونی دیاری کرابێت.
٣. **هەمواری یاساکانی هەڵبژاردن:** هەموارکردنەوەی (یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان) و داڕشتنی (یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان)، بە جۆرێک کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی نوێی هەرێم و عێراق، و ڕێگری بکات لە هەر بۆشاییەکی یاسایی یان سیاسی کە ببێتە هۆی دواخستنی پرۆسەی دیموکراسی لە داهاتوودا.
٤. **نوێکردنەوەی شەرعییەت:** دیاریکردنی سەرۆک و ئەندامانی نوێ بۆ دامەزراوە سەربەخۆکان (دیوانی چاودێری، دەستپاکی، مافی مرۆڤ، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی) لەسەر بنەمای لێهاتوویی نەک پشکی حزبی.
٥. **چاکسازیی یاسایی:** پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی یاساکانی (یاسای وەبەرهێنان، تیرۆر، خۆپیشاندان، خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی)، بە ئاراستەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانیان وەک چەکی سیاسی.
٦. **گەڕانەوە بۆ سزا مەدەنییەکان:** گۆڕینی سزای زیندانی بۆ هەندێک تاوانی مەدەنی بۆ "خزمەتی گشتی" یان سزای دارایی، وەک هەنگاوێک بۆ مرۆییترکردنی سیستەمی چاکسازی و کەمکردنەوەی فشار لەسەر گرتوخانەکان.
٧. **یاسای نوێی بۆ کارێکاران:** پێویستە پەرلەمان لەم خولەدا بە شێوەیەکی ئەولەویەت پاکێجی یاسای تایبەت بە کرێکاران (یاسای کار، یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران، ڕێکخستنی کاری سەندیکاکان) پەسەند بکات بۆ گەرەنتی کردنی مافی چینێکی فراوانی کۆمەڵگە.

**دووەم: بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**١. شەفافییەت:** دەرکردنی ڕێنمایی جێبەجێکردنی "یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری" تاوەکو هاووڵاتیان و میدیا دەستیان بە داتا فەرمییەکان بگات.

**٢. کۆنترۆڵی بازاڕ:** دەرهێنانی کەرتی دەرمان و پێداویستییە سەرەکییەکان لە ژێر دەستی کۆمپانیا حزبییەکان و کاراکردنی ڕاستەقینەی "کوالێتی کۆنترۆڵ" لە خاڵە سنوورییەکان.

**٣. پاراستنی کەرتی گشتی:** هاوسەنگکردنەوەی پشتیوانییەکان بۆ کەرتی گشتی (پەروەردە و تەندروستی) و ڕێگریکردن لەوەی بەرپرسانی حکومی ببنە شەریک و پشتیوانی کۆمپانیا تایبەتەکان لەسەر حیسابی مافی هاووڵاتیان.

**٤. کەرتی وزە و کارەبا:** پێویستە حکومەت (نرخی کارەبا) بەپێی داهاتی تاک کەم بکاتەوە، (هاوکاری دارایی بۆ خێزانە هەژارەکان) دابین بکات، و ڕێکاری نوێ بۆ (دیزاینی خانووبەرە و جۆریەتی ئامێری کارەبایی) دابنێت تا ڕێگری لە بەفیڕۆچوونی وزەیەکی زۆر بکات و بارگرانی سەر هاووڵاتییان کەم بێتەوە.

**٥.کەرتی ئاو و ژینگە:** جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیژی بۆ کۆتاییهێنان بە تینوێتی و لافاو، و ڕێگریکردن لە (داگیرکردنی زەوییە سەوزەکان و ڕێڕەوی ئاوەکان) و تێکدانی ژینگە بەناوی وەبەرهێنانەوە.

**٦.ڕاهێنانی پیشەیی:** وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بە هاوکاری ڕێکخراوەکان پرۆژەی ڕاهێنانی کارامەیی بۆ گەنجان کاراتر بکات بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری.

**٧. ڕێکخراوە ناحکومییەکان:** ئەنجومەنی وەزیران، گشتاندنێک ئاڕاستەی ئەنجوومەنی ئاسایش و هەموو دامەزراوە حکومییەکان بکات، بۆ جەختکردنەوە لەسەر یاسایی ڕێکخراوەکان و لە پێشیەنی فەرمانگەی ڕێکخراوەکان بۆ هەموو کاروبارێکی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

**سێیەم: بۆ ئەنجوومەنی دادوەری و داواکاری گشتی**

**١. سەربەخۆیی دادگا:** پێویستە دادگاکان ڕێگە نەدەن هیچ بەرپرسێکی حزبی یان ئەمنی دەست وەربداتە کەیسە یاساییەکان، دادوەر دەبێت تەنها ملکەچی یاسا بێت.

**٢. پاراستنی مافی گشتی:** پێویستە داواکاری گشتی بە ئەرکی "بەرگریکار لە مافی خەڵک"، هەستێت، لەو چوارچێوەیەشدا پێویستی بە یاسا و گۆڕینی هەیکەلییەتی داواکاری گشتی هەیە، بە شێوەیەک لەگەڵ پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت.

**چوارەم: بۆ فەرمانگەی ڕێکخراوەکان و دامودەزگا ئەمنییەکان**

**١. داکۆکیکار لە یاسای ڕێکخراوەکان:** دەبێت فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، داکۆکیکاری سەرەکی بێت لە یاساکە و ڕێگە نەدات دامەزراوە ئەمنییەکان ڕۆحی یاساکە پێشل بکەن و بەهانەی ئەمنی بکەنە ئامرازێکی فشارخستنە سەر ڕێکخراوەکان.

**٢. ڕەتکردنەوەی چاودێری نایاسایی:** پێویستە فەرمانگە ببێتە داواکاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دانانی کامێرای چاودێری لە ژوری کارکردندا ڕێکخراوەکاندا، چونکە ئەمە کوشتنی تەواوەتی فەزای تایبەتی و مەدەنییە. پێویستە دامەزراوە ئەمنییەکانیش ڕیز لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ناڕۆکی یاسایی ڕێکخراوەکان بگرن.

**٣. ئاسانکاری دارایی:** هەموارکردنەوەی ڕێنماییە داراییەکان و باج، بە جۆرێک کە ڕەچاوی سروشتی کارە خۆبەخشییەکان بکات نەک وەک کەرتی بازرگانی مامەڵەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکات.

**٤. هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عێراق:** پێویستە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەرێم و عێراق، وەک لایەنی فەرمی و داکۆکیکار، لەگەڵ بانکی ناوەندی عێراق بێتە سەرخەت بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بە مەبەستی کارئاسانی بۆ مامەڵە بانکییەکانی ڕێکخراوەکان (وەک کردنەوەی هەژمار و گواستنەوەی پارە). ئەمە بۆ ئەوەی ڕێکارە بانکییە ئاڵۆزەکان و سستمی دارایی نەبنە بەربەست لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکان و چالاکییە مەدەنییەکانی ڕێکخراوەکان.

**پێنجەم: بۆ پارتە سیاسییەکان**

**١. جیاکردنەوەی حزب لە دامەزراوەگشتیەکان:** کۆتاییهێنان بە هەژموونی حزب بەسەر دامەزراوەکانی هەرێم و جیاکردنەوەی ئۆرگانە حزبییەکان لە وەزارەتەکان.

**٢. نەهێشتنی میلیشیاگەرایی:** کۆتاییهێنان بە بەکارهێنانی هێزی چەکدار وەک ئامرازێک بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان یان دەستبەسەرداگرتنی موڵکی گشتی.

**٣. گیانی دیموکراسی:** پەروەردەکردنی کادیران لەسەر بنەمای قبوڵکردنی یەکتر و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات.

**شەشەم: بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی**

**١. فشاری دیپلۆماسی:** فشارخستنە سەر دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ پابەندبوون بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ.

**٢. بەستنەوەی هاوکارییەکان:** پێویستە هاوکارییە دارایی و سەربازییەکان ببەسترێنەوە بە هەنگاوە کردەییەکانی چاکسازی و پاراستنی ئازادییەکان.

**٣. فراوانکردنی چاودێری:** ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێکارەکانی نوێ بۆ دەستوەردان لەکاروباری ئەو وڵاتەنانە زیادبکات کە هێشتا دیموکراسی نین و لە قۆناغی ڕاگوزەردان.

**حەوتەم: بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

**١. تۆڕی چاودێری:** دروستکردنی "تۆڕی چاودێری نیشتمانی" بۆ بەدۆکیۆمێنتکردنی هەموو پێشێلکارییەکان و ناردنیان بۆ ناوەندە جیهانییەکان.

**٢. هۆشیاری جەماوەری:** کارکردنی بەردەوام لەسەر هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لە مافە یاساییەکانیان و فشارخستنە سەر حکومەت بۆ شەفافییەت لە داهاتەکاندا.

## هاوپێچەکان:

### هاوپێچی یەکەم:

### لیستی سەرچاوەکان:


١. دەستووری عێراق.
٢. یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی، ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.
٣. یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧).
٤. یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٠).
٥. یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣).
٦. یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١).
٧. یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦).
٨. یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨).
٩. یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای سزاکان، ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٣) لە هەرێمی کوردستان.
١٠. یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦).
١١. یاسای باری کەسیی عێراق، ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو.
١٢. یاسای پارێزەرایەتی، ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٨) لە هەرێمی کوردستان.
١٣. یاسای دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨).
١٤. یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤).
١٥. یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١).
١٦. یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٠).
١٧. یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١).
١٨. ڕەشنووی ئامادەکراوی یاسایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- ماڵی سەرکەوتن-٢٠٢١.
١٩. کۆنفرانسی زانستی (بوارەکانی هەڵبژاردن)، ڕێکخراوی ماڵی سەرکەوتن- ٢٠١٩.
٢٠. ڕاپۆرتی بنکۆلکاریی ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی، دەربارەی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا، بەشی یەکەم، لاپەڕە ٤ بۆ ١٥، ساڵی ٢٠٢٥.
٢١. ڕاپۆرتی دامەزراوەی پەی، لەسەر کەرتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
٢٢. توێژینەوە: (گەنج وگۆرانکاری )، سەنتەری گەشەپیدانی چالاکیی لاوان . چاپی یەکەم ، ساڵی ٢٠٢٦.
٢٣. ڕاپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان.
٢٤.

## هاوپێچی دووەم:

## بەشداربوانی مێزگردی فیدراسیۆن، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەشنووسی ڕاپۆرتەکە

| ژ | ناو | بواری کارکردن |
|---|---|---|
| ١ | شنۆ عوسمان | میدیاکار |
| ٢ | ئەبوبەکر هەڵەدنی | چالاکوانی سیاسی |
| ٣ | شوان محەمەد | ڕۆژنامەنووس |
| ٤ | عاسی فایەق | بەڕێوەبەری تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە |
| ٥ | ڕێزان شێخ دلێر | پارێزەر- چالاکوانی مافی ژنان |
| ٦ | ئەرسەلان عابد | چالاکوانی مەدەنی |
| ٧ | حەمەعەلی مەعروف | مامۆستا- چالاکوانی مەدەنی |
| ٨ | جیهاد محەمەد | سەرۆکی ڕێکخراوی پەروەردەی سەردەم |
| ٩ | نامۆ مەجید | چالاکوانی مەدەنی |
| ١٠ | د.سەروەر عبدالرحمن | سەرۆکی دامەزراوەی پەی |
| ١١ | دانا دارا | ڕاوێژکاری یاسایی پەرلەمان |
| ١٢ | د.گەشە دارا | سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادبوون |
| ١٣ | قەیسەر ڕەحمان | ئەندامانی فیدراسیۆن |
| ١٤ | بابان جەعفەر | |
| ١٥ | هەڵشۆ عەبدولفەتاح | |
| ١٦ | کارۆد ڕەزا | |
| ١٧ | هەژار وەهاب | |
| ١٨ | کارزان فازڵ | |
| ١٩ | ئەشواق نەجیب | |
| ٢٠ | پێشەنگ محەمەد | |
| ٢١ | چاوان ئازاد | |
| ٢٢ | هاوڕێ قادر | |

## هاوپێچی سێیەم: ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنەکانی فیدراسیۆن لە خولی (٢٠٢٥-٢٠٢٧)

**خشتەی (١)**

| ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن | | |
|---|---|---|
| ژ | ناو | پۆست |
| ١ | بابان جەعفەر | ڕێکخەر |
| ٢ | شۆخان حەمەڕەشید | ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن |
| ٣ | هەڵشۆ عبدالفتاح | |
| ٤ | د.بەسمە حەبیب | |
| ٥ | ڕێباز کەمال | |
| ٦ | کارۆد ڕەزا | |
| ٧ | هەژار وەهاب | |

**خشتەی (٢)**

| ئەنجوومەنی بەدواداچوون | | |
|---|---|---|
| ژ | ناو | پۆست |
| ١ | کنێر عەبدوڵلا | ڕێکخەر |
| ٢ | شۆڕش ئەمین | ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن |
| ٣ | ئاوات محەمەد | |
| ٤ | سالار فەتاح | |
| ٥ | قەیسەر ڕەحمان | |
| ٦ | فەرەیدون حەسەن | |
| ٧ | ڕوناک ڕەفیق | |

## خشتەی (٣)

| ژ | ناوی ئەندام | بەشدار وەک | بواری کارکردن |
|---|---|---|---|
| ئەنجوومەنی گشتی | | | |
| ١ | د.بەختیار عەبدوڵلا | کەسایەتی | چالاکوانی مەدەنی |
| ٢ | شۆرش ئەمین | | چالاکوانی مەدەنی |
| ٣ | ئاوات محەمەد | | چالاکوانی مەدەنی |
| ٤ | د.عالییە فەرەج | | چالاکوانی مەدەنی |
| ٥ | سالار فەتاح | | چالاکوانی مەدەنی |
| ٦ | کنێر عەبدوڵلا | | چالاکوانی بواری ژنان |
| ٧ | قەیسەر ڕەحمان | | چالاکوانی مەدەنی |
| ٨ | فەرەیدون حەسەن | | چالاکوانی مەدەنی |
| ٩ | ڕوناک ڕەفیق | | میدیاکار |
| ١٠ | ئەشواق نەجیب | | چالاکوانی مەدەنی |
| ١١ | کاردۆ ڕەزا | سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ(DHRD) | مافی مرۆڤ |
| ١٢ | کارزان فازڵ | | |
| ١٣ | شۆخان حەمەڕەشید | ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان(WOLA) | پرسی ژن و یاسا |
| ١٤ | پێشەنگ محەمەد | | |
| ١٥ | وریا باقر | سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان | گەشەپێدانی لاوان |
| ١٦ | هاوڕێ قادر | | |
| ١٧ | گۆران سابیر | ماڵی سەرکەوتن بۆ گەشەپێدانی تواناکان | هەڵبژاردن و گەشەپێدانی مرۆیی |
| ١٨ | جەبار عەزیز | | |
| ١٩ | هەژار وەهاب | ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کولتوری مەدەنی | چاودێری و بەرگری لە مافی مرۆڤ |
| ٢٠ | ئاسۆ محەمەد | | |
| ٢١ | ڕێباز غەریب | ڕێکخراوی هەڵوێست | چاودێری دامەزراوەکانی هەڵەبجە |
| ٢٢ | د.جەوهەر عەزیز | | |
| ٢٣ | د.بەسمە حەبیب | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتی لە عێراق | پرسی ژنان |
| ٢٤ | هەڵشۆ عەبدولفەتاح | ڕێکخراوی دابین بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ | چاودێری ڕەوشی کرێکاران |
| ٢٥ | چاوان زەنگەنە | | |
| ٢٦ | ئارام کەمال | ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان | چاودێری ئەنجومەنی پارێزگا و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران |
| ٢٧ | ئاواز سەلیم | | |
| ٢٨ | بابان جەعفەر | ڕێکخراوی ئازادبوون بۆ گەشەپێدانی بەردەوام | پرسە فکرییەکان |
| ٢٩ | شاجوان بەکر | | |

## وێنە مێزگردی تایبەت لەسەر ڕاپۆرتی ساڵانە فیدراسیۆن، لە (٢٠٢٦/٠١/٠٦)

## لە هۆڵی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان











